وەزیری بەرگری تورکیا سەردانی بەغدا دەکات

سبەی پێنجشەممە وەزیری دەرەوەی تورکیا بە یاوەری وەزیری بەرگریی و سەرکی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی سەردانی بەغدا بکات و گفتوگۆ لەبارەی پرسە ئەمنییەکانی نێوان هەردوو وڵات دەکەن.

بەگوێرەی راگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا، سبەی پێنجشەممە (14ـی ئاداری 2024) هەریەکە لە هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا، یەشار گولەر، وەزیری بەرگری و ئیبراهیم کاین سەرکی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانی و مونیر کارالـئەغلو، جێگری وەزیری ناوخۆ سەردانی بەغدا دەکەن.

لە راگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەشکراوە، وەزیری دەرەوەی تورکیا بە مەبەستی تاوتوێکردنی پرسە ئەمنییەکانی نێوان عێراق و تورکیا، سەردانی بەغدا دەکات و لەلایەن فوئاد حوسێن، وەزیری دەرەوەی عێراق پێشوازی لێ دەکرێت.

لە دیدار و گفتوگۆکانیاندا، شاندە باڵاکەی تورکیا لەگەڵ بەرپرسانی عێراق، بەرێنگاربوونەوەی تیرۆر و پرسەکانی ئاسایش و سەربازیی و پێوەندییەکانی بەغدا و ئەنقەرە تاوتوێ دەکەن.